www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 20:15 30-1-2007

# تاسەی بێتۆیی ... ئەرسەلان مەحمود

Arsalan852@yahoo. com

بەو ئامێرەی
لەجێی دەستم لە دەستایە..
لەجێی لێوم بەنێوانی هەر دوو لیمۆی
مزرتەوە..
لەجێی پەنجەم لەسینەتا
لە جێدایە..
نەکورتیلە نامەکان..و
نەبەو سۆزەی
لە دەنگتایە..
رۆژی سەد جار لەسەر خەتبی
تاسەی بێتۆیی
ناشکێنی..
تێناگەم نا..بەو ناسکییەوە
لە پایزیم بۆ دەپرسی
بۆنازانی
لەدواساتا..هەمووجاری
بارانێکی
لەئەشکی چاوو
تەنیایترین خەمە هەوری
تەنیایمی
ئیتر
وەرین میوانێکی
چارەگرانەو
گیانی رووتکردوومەوە
لەخۆم
هەناسەی هەرگەڵایەکم
چاوەڕوانی ئەوەیانە
بگەڕێیتەوە و
ژوانی
لەسەر باڵیان ڕاخەی
تاپێکەوە
لەرێنامەو لەشکۆفەی
ئەوخونچانەوە
بڕوانین
ساڵانێکە بۆ تەماشای چاوەکانت
هەڵمگرتوون

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-1-2007 20:15

لی. . لەمەودای ئاسمانەوە
چیترناکری
جاری بۆ تۆو جاری بۆمن
بەدرۆوە پێبکەنین
چۆن وادەبی ئەویندارى
ئەو ئامێرە بەخۆیەوە شێتی کردووم
ماسی تۆیە
شەپۆلاوی ئەو دەریایە
ترسناکە
پەیوەستی پەرستنی بیهودەیی کردووم
تۆشپێم ئەڵێی
گرنگ نییە
لەبێشکەوە هەروا فێربووین
باڵێکمان
بۆ هەژاندنبی. . و
باڵێکیشمان
خزمەتکاری شەپۆلە ترسناکەکان
بەڵام جوانی
پێت نەگووتم
هەتاکوکەی لەپایزیما
خۆتدەشۆی!

12/12007ranya
Arsalan74@skype. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.